# چاوپێکەوتن لەگەڵ " هونەرمەند سمکۆ تۆفیق"

١ - با پرسیاری خۆناساندن و کار و پیشەی ئێستاتان بکەینە دەروازە و بچینە جیهانی هونەرەکەتانەوە. سمکۆ تۆفیق کێیە؟ لە کوێ لە دایک بووە؟ پلەی خوێندنی چەندە و ئێستا لە کوێیە و چ کارەیە؟.

بە کورتی وەڵامم بۆ ئەم پرسیارە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان هاتوومەتە دنیاوە. هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم تەواو کردووە. ١٩٧٥ بروانامەی دبلۆمم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا وەرگرتووە و پاشان لە ئاکادیمی هونەری لە بەغدا خوێندوومە. دواتر هەلومەرجی ژیان و ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانی بندەستی و زوڵم و زۆرەم پێ قبووڵ نەدەکرا، بۆیە ناچارانە دوای ئەوەی کۆمەڵێ چالاکی هونەریی بەرزو سیاسیم نواند و چەند پێشانگایەکی سەرکەوتووم کردەوە، کە بوونە هۆکار و مایەی وروژاندنی جەماوەری شاری سلێمانی. هەروەها ئەو پاشخانی جموجوڵە نەتەوەییانەی هەمبوون دەرەتانی مانەوەیان لە کوردستان دا تا دەهات لێ تەسکتر دەکردمەوە. ئیدی ڕووم کردە وڵاتی هونەر و مەڵبەندی ڕێنیسانس. لێرە دەستبەجێ خۆم خەریکی فێربوونی زمان زمانکردو دەستبەکاری خوێندن بووم بە ئامانجی هێنانەدی ئاواتە گەورەکەم. ساڵی ١٩٨٢ سەرکەوتووانە توانیم خوێندنەکەم تەواو بکەم و بروانامەی دبلۆمم لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری فلۆرەنسا وەرگرت. وە ئێستاش نیشتەجێی شاری «ریمینی» م لەوڵاتی ئیتالیا.

٢ -سەرەتای کاری هونەریت چۆن دەست پێکرد و بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ چۆن ڕووتان لەجیهانی هونەری وێنەکێشان کرد؟

سەرەتای کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵیم . بە منداڵی هەمیشە حەزم لە دروستکردنی وێنە بوو.بەتایبەتی هی سروشتی دڵفرێنی کوردستان و ئەو دیمەنە ڕازاوە و هەمەجۆرانەی ڕۆژانە دەهاتنە بەرچاوم. دەکرێت بڵێم جگەلەو بەهرە و سەلیقەیەی خۆم کە هەمبوو، لەپاڵیشەوە زۆر خۆم ماندوو دەکرد. کەسوکار هەندێ هانیان دەدام. زۆربەی کاتەکانم بە دووبارە و چەند بارەکردنەوەی کێشانی تابلۆکان چ ئەوانەی بە سەلیقە و فەنتازی خۆم دروستم دەکردن و چ ئەوانەی لەبەر وێنە و تابلۆی دیکە دەمکردنەوە. لەقوتابخانەشدا بەهرەی وێنەکێشانم دیار بوو. لە چەند مامۆستا و هاوڕێیەکمەوە کۆمەکی ئاسایی و هاندانم پێشکەش دەکرا، بۆ درێژەکێشان بەم خولیا ناسک و ئارەزووبەخشە ڕەنجم زۆر کێشا.

٣ -جگە لەهونەری وێنەکێشان خولیا و ئارەزووتەکی دیکەتان هەیە؟ یان هەبووە و بوارتان بۆی نەڕەخسا بێت؟

ڕاستییەکەی کۆمەڵێ ئارەزوو و خولیای جۆراو و جۆرم هەیە. وەک دەشزانن زۆربەی هونەرمەند و نووسەر و شاعیرانی کورد لە زۆر بواردا دەست ڕەنگینن . منیش پەیکەرتاشین یەکێکی دیکەیە لە ئارەزووە گەورەکانم لەتەک وێنەکێشاندا. دیارە ئەم دوو بوار و هونەرە بۆ خۆیان زۆر لێک نزیکن و پەیوەندییان پێکەوە هەیە. هەڵبەتە من خۆم زیاتر بۆ هونەری وێنەکێشان تەرخان کردووە. دەبێت ئێوەش بزانن ئەرک و ڕەنجی فەرهادی دەوێت لەم هەندەرانە و بێ وڵاتییەدا، کارێکی سیزیف ئاسایە بەرهەمێ، تابلۆیەک بەرهەم بهێنیت. بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئیتالیادا، کە بێدەرامەتی و بێکاری گرفتی هەر تاکێکە. جا گەر ئەو تاکە هونەرمەندێکی کورد بێت و ئارەزووی خزمەتی هەبێت. ئەوە دیارە دەیان قات ژیانی سەختتر و دژوارترە. وەک دەڵێن ژیانی کولەمەرگییە.

٤ -تێڕوانینی ئێوە بۆ هونەر چۆنە؟ ئاستی هونەری کوردی لە کوێدا دەبینن ؟.

هونەر دنیایەکی بێناسنامەیە، جیهانێکی بێسنوورە. حەز و لەزەت و ئاواز و مۆسیقای خۆی هەیە، جوانی و ڕازاوەیی تێدایە، هەست وروروژێنە، و ئاسۆی هزر فراوان دەکات.
هونەر مەیدانێکە بۆ خۆشگوزەرانی و هەمەچەشن کردن و بەخشینی شیلەی میهرەبانی لەم گەردوونە جەنجاڵەدا بە مرۆڤ، هاتۆتەکایەوە . هونەر ڕەهەندی جۆراو و جۆری دیکەشی وەک کۆ مەڵایەتی و سیاسی و کولتووری نەتەوەیی و شارستانیانەی هەیە. لەبەرئەوەی دامودەزگایەکی رێکوپێک لە وڵاتێکی کۆلۆنیالیکراوی وەک کوردستان دا نییە، وە هیچ سەرچاوە و ئەرشیفێکی دەوڵەمەند و کۆکراوە لەبەردەست دا نییە، وا زەحمەتە بە وردی بتوانین دەستنیشانی هەندێ شت بکەین.
کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک سەرباری ئەو هەموو مەینەتی و نەبوونی ژیانێکی ئاسوودەیی، وا دیسان جێی سەرسوڕمانە، کە خاوەنی هونەری خۆیەتی و مێژوویشی ڕەگوڕیشەیەکی بەهێزی هەیە. باوەڕم وایە هۆکارە سیاسییەکان کە ڕەفتار و هەڵوێستی دوژمنانی کورد، کاریگەرییان تێدا هەبووە ڕێگر بووە و تاوانبارە.
وەک وتمان ئەوەی شارەزای مێژووی سیاسی کورد و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە مەحکومی چەندین هۆکاری بابابەتی و ناسروشتی ودەرەکین، ئەوجا زۆر بەشانازییەوە پلە بە پلە بە قەد و باڵای خۆیدا هەڵگەڕاوە. بە بەراورد بەو بارودۆخەی کوردی تێدایە، هیچی لە هونەری جیهانی کەمتر نییە. هەر نەبێ لەبەرئەوەی هونەری کوردی گرێدراوی ئەو واقیعە تاڵەیە و شان بە شانی ئازار و ژانەکان هەنگاو هەڵدێنێ، وا ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەش بۆخۆی هونەری کوردی تایبەتمەندتر کردووە. لە زۆر وڵاتدا جێ پەنجەی هونەرمەندانی کورد دیارە و ڕۆڵیان هەیە. هونەر و هونەرمەندی کورد گەر کەموکوڕییەکیشیان هەبێ، وا ئەوانیش بەگشتی قوربانی بارودۆخە سیاسییەکەن، کە لە نەبوونی دەوڵەتی کوردییەوە شین بووە.

٥ - لای بەڕێزتان چۆن بنەما و هزرو فیکری وێنەکێشان دروستدەبێ؟ کوردەواریوەک دیمەن وسروشت تا کوێ هەوێنی کار و تابلۆکانتانن ؟ چۆن دەتوانن ژان و ئازاری بندەستی نەتەوەکەتان بکەنە ناسنامەی هونەرەکەتان ؟

هەموو هونەرمەندێک کاتێ کە بەرهەمێکی هونەری دەهێنێتە بەرهەم لە پێشدا لەناو مێشک و دەروونی خۆیدا لە ململانێ دایە و هەنگاو بەرەو گەڵاڵەکردن و نەخشاندنی بنەما هزرییەکان و چاندنی تۆوی کارەکە بۆشین بوون دەنێ. دوای پێگەیشتن و کوڵانی تەواوی بنەماکان، ئینجا کارەکە لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا یان هەر جۆرە کارێکی دیکەی هونەریدا خۆی دەخاتەڕوو.
من بۆ خۆم سروشتم وایە، تا ئەوپەڕی دڵنیابوون لە شینبوونی تۆوی کارەکە لە مێشکمدا دەست نادەمە کەرەسەکانم ! ئەوساتەوەختەی پێداویستییەکان ئامادەبوون وا بە شێوەیەکی خۆڕسکی دەمخەنە سەرباری پەنابردنە بەر بەکارهێنانی کەلوپەلەکانم و بەباوەڕ بەخۆبوون و بێ سڵەمینەوە و دڵەڕاوکێ کار ئەنجام دەدەم. کەمیش وابووە لە کارەکانم پەشێمان بم. لەوانەیە هەندێ جار بڕەک خرتە و سرتەی ناڕازی بوون وەک شنەبایەک بەلامدا تێپەڕێت، بەڵام ئەم دیاردەیەش زوو بەسەر دەچێت.
لەدەست پێکڕا ڕامگەیاند کە ئەو دیمەنانەی لە منداڵیشدا دەمکێشان هەر هی کوردەواری و دیمەنی کوردستانە شیرینەکەم بوون. ئەم دیاردەیە یا ڕاستتر بڵێم ئەم گەرایە لەگەڵمدا گەورە بوو. لە گەورەبوونیشمدا و لێرەوە کە بەهەزاران کیلۆمەتر دوورم لە بەژنوباڵای نیشتمانەکەم هەر مایەوە و لێم جیانابێتەوە و بۆتە بەشێکی زیندووی بوونی ماکی و مینۆکی هەبوونم. بە شانازییەوە دەڵێم ئەگەر خۆشەویستی وڵات بۆ هەندەک کەس جارەوجار بە میوانی بێت وا بۆ من هەردەم هزر و کەرەسەی ئامادەی هەر بەرهەمێکمە.
دەی لە ئێوە دەپرسم چۆن بتوانم ئەم دیمەنەی شارە ئازیزەکەم سلێمانی بە نموونە دێنمەوە لەبیر بکەم کە پیرەمێردی نەمر دەفەرموێ:
سبەینێ بوو لە خەو هەڵسام کە ڕوانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیووی پۆشیوە
تا دەفەرمووێ:

به بەرگی سپییەوە چەند شۆخە شاخی گۆیژە ببینە
لەڕەنگی ئاسمان دولڤەرترە« ئەو سپییە» ئەم شینە

ئاخر چۆن دەتوانم شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە ، شاخی پیرەمەگروونی موقەدەس لەبەرچاو ون کەم. ئامێدی و سەفینی ڕازاوە، قۆپی قەراغ و هەورامان فەرامۆش کەم. دەی چۆن دەتوانی لە یادی بەهاری هەمیشە سەوزە و میوەهات، زستانی ڕووسپی و بووکی ڕازاوە، پایزی گەڵازەردی زێڕ و زیو، هاوینی ئەحمەدئاواو تانجەرۆ و سەرچنار و قەشقۆڵی ، هەورامانی گوێز و شارەزووی ترۆزی و شووتی و هەنار و شارباژێڕی ترێ و هەنجیر و هەرمێ لاسورەی سیوەیل و گۆیژ و توو و بەڵاڵوکم ڕزگار بکەیت؟! ڕووبەر و پانتایی گەڕەکی ئەسحابەسپی و گۆیژە و گردی مامەیارە و سەیوانی ئەرخەوان و بەهەشتی شەهیدان و مەڵکەندی و کانێسکان و چوارباخ ، یان بەردەرکی سەراو پیاسەی تووی مەلیک و سەیرانی کانی با و کانی شەکراو، گەمە و یارییەکانی هەنگەشەلێ و ئاشەبەتەنوورە و هەلووکێن و هەڵماتێن و مزراحێن و دووگۆڵی و محەلەبی و شرووبشکێنە و چاوشارکێ و کڵاوکڵاوێنە و شەڕەشەقی قوتابخانە و لەزەتی پارووە قاورمە بە کەوەری گەڵا پانەوە و دانیشتنی سەرسووچی کۆڵانان و ئەو هەموو گۆڵمەز و پێکەنین و تەڕدەماغییەی ئازیز و خۆشەویستانی شار و شێتێئاقڵەکانی وەک ئەحە دۆڕانی و ئەحەی کوڕنوو و خاڵە ڕەجەب و عەبە شەکەنە و هەزاران هەزار یادگار و بیرەوەری دیکەی شیرین و تاڵم لە بیر دەچێتەوە.هێز نییە بتوانێ ئەو پاشخانە کولتووری و مێژووییەی ڕابووردووم تێدا بسڕێتەوە. هەمیهشە پێوەیان دەژیم و تا دوا هەناسە و چوونەوە باوەشی خاک لە گەڵمدان و لەو دنیاش پێکەوە تێهەڵدەچینەوە.
کێ لە ئێمە دەتوانێ شێخ سەعید و ئیحسان نووری پاش و سمکۆی شوکاک و پێشەوا قازی محەمەد و شێخی نەمر و بارزانی نەمر . نەورۆز و چوارچرا و دەربەندی بازیان و قەڵای جزیرە و بۆتان و زیندانی ئامەد و قەڵای دمدم و داستانەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەو لە یادی خۆیدا بسڕێتەوە!؟.
ئەم نموونە تێکەڵانە دێنمەوە تا هەموومان بزانین بۆ لەم وڵاتانەدا هەست بە نامۆیی دەکەین و بیرکردنەوە و خەیاڵات و ڕەفتارمان جیاوازە لە خەڵکی ئاسایی. ئەم هەموو هۆوهۆکار و دیاردە و بیرەوەرییانە ڕەگی قوڵیان لە بوونماندا هەیە. وێنەی ڕوونیان لەبەرچاوماندا هەیە و هێزێکی دینامیکی بەهێزن و دەمانجوڵێنن. ئێمە بەر لە هەر شوێنێکی دیکە دەستکردی ئەم مێژووو جیهانە کۆمەڵایەتییەی کوردەوارین.
من شەتڵێکم و لە باخچەی ئەووڵاتە«بەهەشتی ڕازاوەی سەرزەمین» دا شین بووم . ئەگەر هەموو لەشم تەنیا چاو بێت هێشتا لە جوانی و شیرینی کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم ... ڕۆڵەکەم خێزانەکەم باوانەکەم... تێر نابێ و نابێ و نابێ هەزارانساڵی دیکەش بن دەست بین و بمانکوژن و بمان بڕن، لەت لەتمان کەن، ناتوێینەوە و ناتوێینەوە و هەر دێیین و دێین و دێیین.. بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا، بەرەو لادێ بەرەو کانگای وەفا، بەرەو کوردستان بێشکە و لانەی مرۆڤایەتی و شارستانێتی.
بەرهەمەکانی من یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، کە هەمیشە هەوڵمداوە یاخود وەک پرنسیپ لام چەسپاوە، کە ئەو شتانەی ئێوە باسی دەکەن ، ناسنامەی هونەرەکەم بێت. هونەرەکەشم تەرخانی مەسەلە پیرۆزەکەیە.
کاتی خۆیشی لە ناوەوەی وڵات بە چەند تابلۆیەک توانیم ، ڕاستتر بڵێم ئەو ئەرکە بەشانازییەوە بەجێ بگەیەنم. دیارە راستی یاخود سەرکەوتن و نەکەوتنی کارەکەم وا لە دادگای جەماوەر و با ئەوان دادوەر بن. ئەوانەیشی ئاگادارن دەزانن چ چەرمەسەری و ئازارێکم لە پێناوی ئەم باوەڕە پتەوەمدا چەشتووە و چ زەحمەت و چەڵەمەیەکم هاتۆتە ڕێ.
وەک هونەرمەندێکیش باوەڕم وایە، هەموو چرکەساتێکی ژیانی تاکێکی کورد بەو حاڵەتەی تێیدایە، شیاو و شایانی ئەوەیە ببێتە کەرەسە و هەوێنی چەند تابلۆی بەرزی هونەریی و ڕۆمانی مەزن و چیرۆکی سەرکەوتوو. جا وەرە ئەندێشە و ژان و سوێی تراژیدیای ستەملێکراوی دەوری ٤٠ چل ملیۆن مرۆڤ چ زەخیرەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بۆ لەدایکبوون و داهێنان و خوڵقاندنی ملیاردەها کاری هونەریی و ئەدەبی شاکار و بەرز.

سەبارەت بە خۆم بەو چەند تابلۆیەی خستوومەتە بەردەست ، نیشانم داوە چەند هونەرمەندێکی ئەو ژان و ئازارەم و چەند کوڕی بە ئەمەکی نەتەوەکەمم !؟.

٦ - وەک زانیمان وا ماوەیەکی زۆرە پەڕاگەندەی هەندەران بوون و لە وڵاتی ڕێنیسیانس و کانگای هونەر وەژ دەڵێن گیرساویتەوە. ئەم وەرچەرخانە لە ژیانتاندا چ بوو؟ چەند کاری کردۆتە سەر هونەرەکەتان؟ جۆن هەوڵتان داوە هونەری کوردیی بە هونەریی جیهانی بناسێنن؟.

هەموو دەزانین کاتێ باسی هونەری وێنەکێشان دەکرێت، یەکسەر وڵاتی ئیتالیا دێتە یادمان. ئەم وڵاتە بەناوبانگە بە هونەر و ئەدەبی کۆن و بزووتنەوەی ڕێنیسابس و جۆرەها کاری هونەریی و فیکریی و ئەدەبی دیکەی بەرز. منیش هەر ئەم خاکانەبوون وایان لێم کرد ئیتالیا هەڵبژێرم. منیش وەک عاشقێکی هونەر شەیدای وڵاتی هونەر بوم. هەر ئەم هەست و کەفو کوڵە هانیان دام بە خۆشییەوە بتوانم خوێندن لێرە تەواو بکەم. سوودێکی هێجگار گەورەم لێوەرگرتووە و کاریگەڕێتی بە قووڵی لەسەرم هەیە.
دیارە ئەو هونەرمەندانەی بە هەزاران کیلۆمەتریش لەم وڵاتەوە دوورن سارسامن بە مێژووی هونەری ئێرە و قوتابخانە هونەرییەکان و ئەو بزاڤە نوێیەی هەیە. دەی منێکی ئێستا لە کانگاکەیدام و ڕۆژانە لە دامودەزگای ڕاگەیاندن و ئەو گەموو مۆزەخانەو سەر شەقام و ئێرەو ئەوێ دا ڕووبەڕوو و گوێ بیست و لەزەتچێژی ئەو هونەرە دەبمەوە چۆن کارم تێناکات.!
ئەمەندەی ئارەزوو بکەم چەند ڕوونکردنەوەیەک بخەمە سەر خەرمانی ئەم هەڤپەیڤینە، ئەوەیە من هەمیشە لە بیرمە کە تاکێکی هونەرمەندی کوردم. بۆ موتووربەکردنی هونەری کوردەواری بەهونەری ئیتالی و خوڵقاندنی هونەرێکی نوێی تەڕ و پاراوی خاوەن ناسنامەی کوردی، بەئەقڵی ئەورووپایی هاوجووت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی زانستی و ئەکادیمی هونەردا، کرۆک و مانا و ستراتیژی یەکەمی کارەکانی منە.
هەموو هونەرمەند و دۆستانی ئیتالی وجیهانی ئەوانەی برەک لە کولتوور و هونەری ڕۆژهەڵاتی شارەزا و ئاگادارن، بێ سێ و دوو هونەرەکەی من دەناسنەوە. بەلایانەوە سەرنج ڕاکیش و عەنتیکەیە. کارەکانم هەوڵێکە بۆ دروستکردنی کەناڵ و پردێ لە نێوان هونەری کوردستان و بە ڕێگای ئیتالیا بۆ ئەوروپا و جیهان هەڵبەتە کارێکی هێندە سانا نییە! بەڵام من بۆ تێدەکۆشم.
٧ -باوەڕتان وایە هونەری وێنەکێشان بتوانێ ئەندێشە و پەرۆشەکانی تاکی کورد لە خۆی بگرێ؟ یا چەند دەتوانێ و ڕەنگی تێدا بداتەوە؟
شاراوە نییە ژیانی تاکی کورد لەوانەیە بە شاکارە رۆمانێک کۆتایی نەیەت. کاتێ من یان هەر هونەر مەندێکی دیکە دێت ئازار ژانەکانی تاکێکی لە شوێنێکی تابلۆکەیدا جێ دەکاتەوە تەنیا کارەکە لە ڕووی سیمبوڵی و خێرا تێگەیشتنی بێگانەیە لەو ئەندێشەیە! دەنا هەڵبەت نەخێر دەمەوێ ئەوەش بڵێم هونەر و ئەفسانەی هونەر ئەوەیە بەشێکی بچووک ئاماژە و گوزارە لە شتی مەزن بکات!. کاتێ من دیمەنی کوژراوی مێروولەیەک دەکێشم، هەوڵ دەدەم ژیان و شەهیدبوونی سەدان ڕۆڵەی نەتەوەکەمی تێدا جێ بکەمەوە و نیشان بدەم.
٨ - هونەر کەی و چۆن دەتوانێ ببێتە چەکێکی کاریگەر و بەشداری کە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بکات؟
هونەریراستەقینە هەمیشە چەکی کاریگەر بووە. نەبەستم لە ڕاستوقینە یەوەیە لە خزمەتی کێشە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانی تایبەتمەند بە مرۆڤەوەبن. بۆ مرۆڤێکی بێ ئاڵاو دەوڵەت، نیشتمان سوتماککراو و ژاراوی کراو، بۆ نەتەوەی بندەست و ستەملێکراو، خاک شەقوپەقکراو و تاڵانکراو و داڤەشکراوی مێژووی خوێناوی هەرەشەلێژراو، گەر ئەمانە یەک لە هەزار بگرە ملیۆنێ لە کارەکانمدا ڕەنگ بشاتەوە وا بەشدارییە لە خەباتدا. وا چەکی دەستی خەباتگێرانە. پشتی کارەساتێژی وەک ژەهربارانکردنی هەڵەبجە هیچ دەقێکی ئەدەبی نەیتوانی گوزارە کەو تراژیدیایە بکات بەڵام هونەرمەندێ ڤەکێشانی وێنەی شەهید « عومەری خاوەر» و منداڵەکەی وەک ئەوەی کاک عومەرتوفیقی هونەرمەند لە ئەڵمانیا کێشاوێتی توانی وێنەی ڕووداوەکەی تا ڕادەیەکی زۆر تێدا بەرجەستە بکات. وەک وتم گەر هونەرمەند کوڕی مەسەلەی میللەتەکەی نەبێت، وە هونەرەکەشی بۆ هەمان ئامانج بێت وا لەم چەکە کاریگەرتر و بەرزتر بەتایبەت لە هەندەران شک پێ نابەم.

٩ - ئێوە لەگەڵ دروشمی « هونەر بۆ هونەر» دان، یاخود هونەر بۆچی؟
بەلای منەوە هونەر بۆ گەلە ووە بۆ هونەریش کە دەڵێم بۆ هونەریش مەبەستمە بڵێم کارەکە خۆی گەرەکە هونەر بێت دەنا ناشێ بۆ هونەر بێت ساتێ کە هونەرمەندێک کارێکی هونەری دڵسۆز دەهێنێتە بەرهەم ئەوسا هونەرەکەی بۆ گەل و مرۆڤ و هونەریشە هونەرمەن پێویستە ڕاستگۆ و دەستپاک بێت لەگەڵ ئەو کارە هونەرییەی دەیکات. من بەهەموو روانایەکمەوە کارەکانم بۆ خزمەتی نەتەوەکەم تەرخان کردووە. لەنێو گەکەکەشمدا بۆ ئازادی و و مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیتاکی کورد لاشموایە ساتێ ئێمە لەئەرکە سەرەکییەکان واتە نەتەوەییەکان ڕزگارمان بوو وا ئەو کاتە کێشە و ئازاری مرۆڤ لە جیهان دا دەبنە بابەتی هونەرەکەمان . وەکوتم وڵاتی خۆمان سەرچاوەی هەموو ئازارو ژانەکانە. جا،ساتەوەختێ من وێنەی لایەنێکی ئازاری ژیانی تاکێکی کورد دەکێشم ئەوا هەر تاکە نرۆڤێ لەم گەردوونەدا و بە مرۆڤی ئەستێرەکانی دیکەشەوە گەر خحی تێدا دۆزییەوە دەتوانێ بە هی خۆی بزانێ و دانێ. بەدەنگی بەرز دەڵێم پێویستە هەموو شت لە پێناوی بەختەوەری خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤ وبەرەو پێشبردنی شارستانێتی بۆن و بەرامە خۆش و عەقلانییەتدا بێت.
هونەرمەندی کورد ... جارێ ئەرکە نەتەوەییەکانی بەر لەهەر شتێکی دیکە دەکەنەوە.. هەتا لەم پێداویستیە هەرە گرنگ و مانادار و پیرۆزە نەبنەوە هیچ ئەرک و فەرمانێکی دیکە جاوەڕێیان ناکات و وەک دەڵێن تەکلیفیان لەسەر نییە. هیچ ئەرک و فەرمانێکی دیکە چاوەڕێیان ناکات و وەک دەڵێن تەکلیفیان لەسەر نییە. بۆیە نابێت لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژیای ڕووت و بەرژەوەندی زڕە تیۆری مردارەوە بوو فسفس پاڵەوانێتی سوورەی بەر لەشکریی بڕواننە مەسەلەکان و لە حوکمی ڕاستێتی و ڕەوایەتی و بێگەردێتی دۆزی کورد سڵ بکەنەوە و بکەونە گومانەوە و ڕێی گومڕایی بگرن.
ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی کوردستان و جیهان هەموو ئەزموونەژانیان بۆ خستینە ڕوو وابزانم هەموو دەتوانین بۆنی گوڵ و ئازاری درک لێک جیا بکەینەوە. بەڕاستی هەق نییە هیچ تاکێکی کورد سەرقاڵی شتی لاوەکی بێت. هەموو دەست پێکێکی کوردانە چونکە زۆر لە کاروان بەجێماوین هێشتا هەر درەنگە دیارە سروشت و جوانیش هەردوو بۆ ئاسوودەیی مرۆڤ و خۆشی ودڵشادبوونی مرۆڤ بەبایەخن.
١٠ - هونەرمەندی کورد چۆن دەتوانێ ڕەسانەیەتی هونەر و کەلەپوورەکەی بپارێزێ؟ سنووری ونبوون کوێیە؟
لە خاڵێکی ئەم گفتوگۆکردنەدا ئاماژەم بەوە کرد کە هەرتاکێکی کورد ژیانی پڕ دیمەن و ساتەوەختی سەر سوورهێنەرو هەستیارە. بۆبونە هەوێنی تابلۆی بەرز و گەشی هونەریی . هەر هونەرمەبدێکی کورد ئاوڕی لە مێژووی نەتەوەکەی دابێتەوە بەویژدان و خاوەن هەکوێست بێت و ئاواتی بەرەو پێشبردنی هونەری نەتەوەکەی بێت خاوەنی ڕحشنبیرییەکی کوردانە بێت و چیرۆک و ڕووداوە مێژووییەکانی کورد ئاگادار بێت هەمان کات بەها و بایەخ و گربگی ئەن شتانە لە دنیادا بە تایبەت لای فەلانی زیندووی ئەوروپایی و ئەوانەی هەزاران هەزارساڵە خاوەن دەوڵەتیشن ئاگادار بێ وا ئەرکی سەر شانێتی خەسڵەت وتایبەتمەندێتی و ڕەنگ و بۆی ژوردێتی هونەرەکەی بپارێزێ و ناسنامەکەی نەشێوێنێ. وە ئاگای لە کەسایەتی خۆیی و بەها کۆمەڵایەتی و کولتووریی و شارستانیتەکان بێت.
گرتنەبەری هەر ڕێچکەیەکی دیکە لەم بوارەدا خۆ ونکردن و سڕینەوەی ڕواڵەتی خۆماڵی و لادانە لە هونەری ڕەسەن و لاسایی کردنەوەی کوێرانەی هونەری نامۆیە من ناڵێم بە تەنها هونەری کوردی و بابەتەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆک و پانتایی کارەکانی هونەرمەندی کورد داگیر بکات و سنوور و چوارچێوەتەک بۆ کۆت و بەندبوون. یاخود کێشانی هێڵی سوور بۆ هونەرمەندی کورد دیاری بکرێ بەڵام گەرەکە تووشی نەخۆشی خۆبەکەمزانین و پەتای لاسایکردنەوەی ناشییانە نەبێ و بە چاوی نزم لە هونەری میللەتەکەی نەڕوانێ حەز دەکەم هونەرمەندی کورد ئەم بەیتە شیعرەی مامۆستا گۆرانی لە یاد بێت:
کانییەکی ڕوونی بەرتریفەی مانگە شەو لە بنتا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور شەپۆلی باتە بەر تیشکی رۆژ شڵپ و هوڕ

١١ - ئاواتتان چییە لە ژیان دا؟

ئاواتەخوازم کە هونەری کوردی زیاتر گەشە بکات و بونیاتی تەواوی خۆی بچەسپێنێ و بێتە خاوەنی دامودەزگای نەتەوەیی خۆیی و لە گشت کوردستان دا بایەخی زیاتری پێ بدرێ.
لەمەش گرنگتر بە ئاواتم هونەرمەندانمان یەکگرتووبن و دۆزی نەتەوەکەیان لەبیر نەچێتەوە و ئەم خاڵەش لە سەروو هەموو مەبەستێکەوە دانێن. وە هەر یەکەی بە شێوازو میتۆدی خۆی لە خزمەتکردن بەردەوام بێت و کەمتەرخەمی نەکات. بە هەموو مانای وشە هونەرمەندی میللەتێکی بێ کیان و ناسنامەی سیاسی وڵات کۆلۆنیالکراوبین. بۆ هەڵتەکاندنی سنورەکان و سڕینەوەی واقیعی ناسروشتی بەزۆر سەپاو بەسەر کوردستاندا خەبات بکەین.
ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی مێژووی خوێناوی و فرمێسک و جگەرسووتاوی دایک و خوشکی شەهیدان بین. بۆ ئازادی و یەکسانی لە کوردستاندا تێبکۆشین. مرۆڤ و ژان و پەرۆشەکانی لەبیر نەکەین و لەدوورگەی کوردایەتییەوە بۆ کیشوەری مرۆڤایەتی هەوڵ بدەین . بەئاواتی ئەوەم هەموو لە کوردستانێکی ئازاد بەمزوانە یەکتر بگرینەوە. بۆ گۆڤارە نازدارەکەی ئێوەش سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی زیاتر دەخوازم.

پێشانگاکانی هونەرمەند

---

- ساڵی ١٩٧٢،١٩٧٣،لە شاری سلێمانی.
- لە ساڵی ١٩٨٦Arti Figurativ Riccione
- لە ساڵی ١٩٨٧ لەGalleria Boccioni Morciano di Romagna
- لە ساڵی ١٩٩٤لەSan Marin
- ئەم پێشانگایانە بە تەنیا خۆی کردوویەتەوە.
- لە ١٩٧١ لە سلێمانی و ١٩٧٤ لە بەغدا و ١٩٧٥ لە سلێمانی و بەغدا و ساڵی ١٩٧٨،١٩٧٩،١٩٨٠ لە Firenze و ١٩٨٢ لە Siena و ١٩٩٣ لە Morciano DI Romagno و لە ١٩٩٥ لە Brescia و لە ١٩٩٦ لە .Genova

ئەم کۆمەڵە پێشانگایە بەهاوبەشی کۆمەڵێ هونەرمەندی بەناوبانگی کورد لە فیستیڤاڵەکانی سلێمانی و بەغدا کردۆتەوە لە ئیتالیاش بە هاوبەشی لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی ئیتالی و جیهانی.

**بەشێک لە تابلۆکانی:**












تابلو







